# کەناڵی ئەلعێراقییە لە کوێی ڕاگەیاندنی بێلایەن دایە؟



پێ ئەچێ تەنها من نەبم، یاخود تەنها ڕۆڵەیەکی شەهید و خانەوادە ئەنفال کراوێک نەبێت، کە ڕۆژانە گشت سوچ و لاواچی لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکان دەپشکنێ بۆ بەدواداچونی هەواڵی نوێ سەبارەت بە دادگایی کردنی بکوژانی کورد. بێگومانم تەنها چاوی من نییە گشت دانیشتنەکانی دادگایی کردنی خوێنڕێژانی کورد پڕ فرمێسک ئەکا و چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیە تاوانباران بە سزای خۆیان بگەن بەڵکو هەر هیچ نەبێ ڕۆحی شەهیدانمان کەمێ هێمن ببێتەوە.گەر بێین و هەنێ زەمەن بگێڕینەوە دواوە و لاپەرە خوێناوی و ڕەشەکانی پەرتوکە سەرسپییەکەی مێژوو هەڵبەینەوە، بێگومان ساڵی 1988 و ڕۆژی کیمیاباران کردنی چەندین ناوچەی کوردی و ئەنفال کردنی بە دوو چاوی تەڕەوە بۆمان دەنوارن. هێستا هەموو پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکانی 16ی سێ هاوار ئەکەن بۆ دونیا چاوی کوێر بوو لەو ڕۆژەدا و بۆ هیچ دەستێ خۆی بۆ هاوکاری ئەو ڕۆحانە درێژ نەکرد کە لە باوەشی ژیاندا مەرگ دەوری دابوون. هێشتا زەوی و بیابان ئەگرین بۆ ئەو ساتانەی چاوی کامێراش کوێر بو کاتێ ڕۆح و خەونی سەدان کوردیان تێدا ناشتن و بە بێ دەنگی پارچە پارچەیان بوونە گۆڕستان.

دووای چەندین ساڵ، ئاوێ فێنکایی کرد بە دڵی گڕاوی کوردا و ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس ڕوخا و تاوانباران لە زیندناندا بەدی کران. کێ لە ئێمە دڵخۆش نەبوو؟ کام لە ئێمە پیرۆزبایی لە شەهیدان نەکرد و کام لە ئێمە هاتنە دی خەون و تۆڵەمانی بە نزیک نەزانی؟ دایکی شەهید کراسی ڕەشی کردە سوور و بووکی یار ئەنفالکراو هەلهەلەی لێدا و خەونی زیندەبەچاڵیش زیندوو بۆوە، وتمان خوێنڕێژانمان بە سزای خۆیان دەگەن و تۆڵەی شەهیدە بێ تاوانەکانمان بۆ دەکرێتەوە، بەڵام مەخابینی هەر زوو خەندەمان لێ وروژا و خەونەکانمان هەرەشەی مەرگیان بۆ هاتەوە.

ئێمە چاوەڕوان بووین وەحشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خوێنمژی کورد سەدام حسێن بە دەستی کەس و کاری ئەنفال کراو و کیمیابارانکراواندا سزا بدرێ و ڕۆحی شەهیدانمان ئارام بگرێ، بە نیاز بووین شادی ڕۆحی 5 هەزار پەپولەکەی شارە شەهیدەکەی هەڵەبجە ببینین کاتێ بە ئاسمانی یەکسانی و یاسادا باڵەفڕێان دەکرد، وامان زانی گوێبیستی ئاوازی خۆڕەمی 182 هەزار ئەنفالکراو دەبیستین کاتێ لە بیابانە خوێناویەکان سزادانی بکوژ و خوێنمژەکەیان پێ دەگات، بەڵام سەرۆکی درندە تەنها لەبەر شەهید کردنی چەند عەرەبیک لە سێ دارە دەدرێ و بە خۆی و نهێنیەکانی تاوانی دژ بە کوردانەوە دیار نامێنێ.

بەهەرحاڵ هێشتا تروسکایی شادییەک لە ڕۆحمانا مابوو بەوەی دەبینین لە پێش چاوی خۆمان تاوانبارانی تری هەڵەبجە و ئەنفال دادگایی دەکرێن و کەس و کارمان بەبەرچاوی دنیاوە دێن و سکاڵای خۆیان لە تاوانباران دەکەن. دڵمان خۆش بوو بەوەی ڕاگەیاندن ئەم جارەیان بەرامبەرمان کوێر نییە و ڕاستیەکان بە دونیا دەگەیەنێت. بەڵام هەزار حەیف و مەخابینی ڕاگەیاندنی کوردی ڕێی پێ نادرێ بچێتە دادگاییەکانەوە و کەناڵی ئەل ئێراقییە وەک کەناڵێکی سەرەکی دەستنیشان دەکرێت بۆ بڵاو کردنەوەی دانیشتەکانی دادگا و دەکرێتە چاوساغی ڕاگەیاندنەکان.

سەیرم لێ هات کاتێ لە ماڵپەڕی هەڵەبجە ئینفۆ گوێبیستی لێدوانەکەی بەڕێز گۆران ئەدهەم سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی کێسی هەڵەبجە بووم سەبارەت بە کەناڵی ئەل ئێراقییە کە بە کەناڵی ئێراقی فیدراڵ ناو دەبرێت. کەچی ئەم کەناڵە دوور لە ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنەوە هەستی شۆڤینێنی دوبارە بەرامبەر میللەتە زەوت لێکراوەکەمان بەکار دێنێ و یەکێ لە هەرە گرگترین دانیشتنەکانی دادگایی کردنی تااوانباران دەشارێتەوە و بڵاوی ناکاتەوە.

شایانی ئاماژە پێ کردنە لەم دانیشتنەی دواییدا چەندین بەڵگەی گرنگ و فیلمی دۆکومێتاری خراونەتە ڕوو کە دەیسەلمێنن حکومەتی ئێراقی لەو کاتەدا کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی کردووە، هەروەها لە وتەکانی بەڕێز گۆران ئەدهەمدا هاتووە کە هەر لەو دانیشتنەدا چەند تاوان بارێک دان بە تاوانەکەیان دەنێن بەرامبەر بە گەلی کورد کە ئەمە دەستکەوتێکی مەزنە بۆ ئێمەی زەوت لێکراو.

من خۆم وەک کچە هەڵەبجەییەک و گەنجێکی کورد داوام وایە لە دەستەڵاتدارانمان و سەرکردەکانمان کە لە ئاست ئەم تاوانەی کەناڵی ئێراقییە دەستەوسان دانەنیشن و ئەم مافەشمان وەک مافەکانی دیمان پشت گوێ نەخەن.

پێویستە لەسەر کەناڵی ئەل ئێراقییە داوای لێ بوردن لە هەڵەبجەییەکان و گەلی کورد بکا لەسەر ئەو دیاردە ڕەگەزپەرستی و شۆڤینییەی کە نواندی و دانیشتنەکان بێ زیاد و کەم و وەک خۆی بڵاو بکاتەوە.

بە بۆچونی من پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نارەزایی خۆی پیشان بات و لێپرسینەوە ئەنجام بدات و سکاڵایەکی یاسایی تۆمار بکات دژ بە کەناڵی ئەل ئێراقییە، تا چی تر پێ بە مافی گەلەکەماندا نەنرێ و حکومەتی ئێراقی و بە ناو برا عەرەبەکانمان سەرلەنوێ ئەنفال و کیمیابارانمان نەکەنەوە.

کە چەندین ساڵ لەمەو بەر ڕاگەیاندن و گەردوون بەرامبەر تاوانەکانی دژ بە ئێمە بێ دەنگ بوو، کە لە سەدەی بیست و یەکدا ڕاگەیاندنمان زیندانی کراوە و دیمەن و دەنگی بۆردومانکردنی گوندە کوردییەکان لە لایەن ڕژێمی ئێران و تورکیاوە ناگوێزێتە بەر دیدی بینەر، با هیچ نەبێ بەرامبەر دانپێنانی تاوانبار بە تاوانەکەیدا ڕاگەیاندن چاوی بکاتەوە و چیتر لوێر نەبێت لا ئاستماندا.

**کانی هەڵبجەیی/ هۆڵەندا**

**Kany_awin@hotmail.com**

# زەردەچەو خانەکان بەهێز دەکات



"Curcumin"، کە ڕەنگی زەرد بە زەردەچەوە دەبەخشێت، خۆی بە شانەکانی خانەوە دەبەستێت و خانەکان بەرانبەر هۆکارەکانی نەخۆشی بەهێز دەکات. "Ayyalusamy Ramamoorthy" و هاوەڵەکانی لە زانکۆی "Michigan" لە "Ann Arbor" ڕوونی دەکەنەوە، کە گەردیلەکانی "Curcumin" لەناو شانەی خانەکاندا خۆیان دروست دەکەن و سەقامگیریان دەکەن.

ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە لێکۆڵینەوەکان باس لە کاریگەری چالاکی هەمەچەشنەی "Curcumin" دەکەن: ئەو مادە ڕەنگییە چالاکییەکی وەک ئەنتی میکرۆبی هەیە، ئاستی کۆلیسترۆلی ناو خوێن نزمدەکاتەوە، دژی هەوکردن کاردەکات و مرۆڤ لە شێرپەنجە دەپارێزێت. تاکو ئێستا ئاشکرا نەبوو، چۆن "Curcumin" چالاکییەکانی خۆی دەخاتە گەڕ. زاناکان ماوەیەکی زۆرە سەرسامبوون، کە "Curcumin" کاریگەی دەکاتە سەر ئەو پرۆتینانەی، کە بەهیچ شێوەیەک گەیەندەری تایبەتی بۆ "Curcumin"یان لەسەر نییە.

ئێستا توێژەران بەیارمەتی "Nuclear Magnetic Resonance" - بە کورتکراوەیی بە "NMR" دەناسرێت - بۆیان دەرکەوتووە، کە چۆن "Curcumin" کاریگەی دەکاتە سەر ئەو جۆرە پرۆتینانە. بەهۆی ڕێگای ناوبراویشەوە دەتوانرێت چاودێریی ئەتۆم و گۆڕانی چالاکییەکانی لەگەڵ ئەتۆمە بەرامبەرەکاندا بکرێت. دەرئەنجامی چاودێریکردنەکانیش دەریانخست، کە "Curcumin" کاریگەری دەکاتە سەر تایبەتمەندی فیزیاوی شانەی خانەکان، بەجۆرێک پاڵ بە توێژی جووتەی لیپیدەوە دەنێت. "Curcumin" زیان بە خانە شێرپەنجەییەکان دەگەیەنێت و شانەکان توانای تێپەڕبوونی مادەیان بۆ دروست دەبێت.

زەردەچەوەی هاڕاو نەک تەنها لە ئاشپازخانەکانی هیندستان بۆ ئامادەکردنی خۆراک بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت، بەڵکو لە وەک چارەسەرێکی پزیشکی دەدرێت بە نەخۆش. زەردەچەوە وەک دەرمانێکی پیرۆز پێش 4000 ساڵ لەمەوبەر لە نووسراوی هیندۆسەکاندا ناوی هاتووە.

**سەرچاوەی هەواڵ:**

**ماڵپەڕی خۆزگە**

wissenschaft.de

# تەنگانە و مەینەتی کوردە فەیلیەکان لە عێراقدا!

لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر هەن لەسەر ڕچەڵەکی کوردە فەیلیەکان و بنەمای ناودابڕان و واتای ووشەکە. هەروها لەسەر ئەو ناوچانەی کە لە دێرزەمانەوە تیا ژیاون و ئێستا تیا دەژین. هەموو توێژەرە ڕۆژهەڵاتناس و کورد و فارس و عەرەبەکان یەک دەرەنجامیان هەبووە لەم ڕووەوە، ئەگەرچاوێک بخشێنینەوە بە پەرتوکەکانیاندا. یەکێک لەو پەرتوکانە پەرتوکی "فەیلیەکان" ی نەجم سەلمان فەیلی کۆچکردوە کە جەرجیس فەتحوڵا پیاچونەوە و ڕاڤەیەکی بە کەڵکی بۆ کردوە لەسەر ئەو مەسەلەیە، بە شێوازێکی وردەکاریەوە باسی خێڵە کوردە فەیلیەکان دەکات لە عێراق و ئێراندا{1}. بۆ ئەمەش پشت بە ژمارەیەکی گەورە لە لێکۆلەرە کۆن و نوێکان دەبەستێت. کوردە فەیلیەکانی عێراق بەشێکن لە گەلی کورد لە عێراقدا، ئەمان و هەموو کوردەکانی ناوچەکانی تری کوردستان نەتەوەی کورد لە کوردستانی گەورەدا پێکدەهێنن. نەوەی کوردە فەیلیەکان هەر وەک کچان و کوڕانی کوردەکانی تر سەربە چەندین خێڵە کوردن کە لەناو یەکدا تواونەتەوە و یەکیانگرتوە و دابەشبوون لە ڕووی جیوگرافی و سیاسیەوە بەسەر عێراق و ئێراندا . کوردە فەیلیەکان لە ناوچەکانی خۆایندا لە ژێر ململانێ و کێشمەکێشی بەردەوامی نێوان دەوڵەتی فارسی و دەوڵەتی عوسمانیدا ژیاون، پاش تێکشکاندنی دەوڵەتی عەباسی و دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانی و هەوڵی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی بەرەو ڕۆژهەڵات، زۆر بەی شوێنەکانی تری کوردستان کەوەتە ژێرپێی ئەم ململانێ و جەنگانەوە و زەرەرێکی زۆری مرۆیی و مادی لێکەوت. لە ناو کودردە فەیلیەکاندا زۆر سەرکردەی دیار دەرکەوت و بۆ سەرکردایەتی جەنگی بەرگریکردن لە دەڤەر و خاک و گەلەکەیان، ئەم توێژە لە گەلی کورد، هەر وەک هەموو گەلی کورد لە بەشەکانی تری کوردستاندا دڵ و دەرونیان لە مێژەوە تژیە لەو ڕەوشەی کە تیادا ژیانیان بەسەربردوە و هەمیشە سنگیان پڕ بووە لەو ئاوات وهیوایەی کە دەربڕی ژیان و ئەو خەونە بووە کە تا ئەمڕۆش بەردەوام لە گەڵیاندا دەژی.

چاوچنۆکی و تەماحی هەردوو دەوڵەتی فارسی و عوسمانی بۆ ئەو خاکەی کە کورد لە سەری دەژی بوو بە ڕێگر لەبەردەم پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیدا، هەر وەک چۆن بوون بە ڕێگریش لەبەردەم عەرەبدا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی عەرەبی، جارێک بەدەست دەسەڵاتداریتی عوسمانیەکان و جارێکی تر بە دەست فارسەکانەوە ناڵەیان دەکێشا. تا ساڵی 1639 هەوڵێک درا بۆ دانانی سنورێک بۆ جەنگی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە لەسەر ئەو ناوچانەی کە کێشمەکێشیان هەبوو لەسەری بە پێی ڕێکەوتنامەیەک، ئەمەش بۆ ئەوە نەبوو کە ئەو ناوچانە ئازادبکرێن، بەڵکو بۆ دابەشکردنیان بە سەر ئەو دوو دەوڵەتەدا بوو. دوای نزیکەی سێ سەدە، واتە لە ساڵی 1929 واژۆکرا لەسەر ڕێکەوتنامەی قەسری شیرین(زهاب) لە نێوان حکومەتی عێراقی بەو پێیەی کە میراتگری دەوڵەتی عوسمانیە لەگەل دەوڵەتی فارسیدا، بەم جۆرە ناوچەکان دابەشکران بەسەریاندا، هەروەها عوسبەت لئومەم هەموو کوردستانی دابەشکرد لە نێوان دەوڵەتانی ناوچکەدا، لەم دابەشکردنەدا موسڵ بەر عێراق کەوت، بەشەکانی تری کوردستان کەوتە ژێر دەستی دەوڵەتانی تر. ئەوەی سەیرە لەم دابشکردنەدا بە هیچ جۆرێک پرس بە کوردە فەیلیەکان نەکرا لەوەی کە دەیانەوێت و خواستیانە، بەڵکو ڕێکەوتنامە سەپێنرا بە سەریاندا هەروەک چۆن دابەشکردن سەپێنرا بەسەر کوردستاندا لە ساڵەکانی پێش جەنگ و کاتی جەنگی یەکەمدا. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە حاکمە عراقیە عەربەکان ئەوپەڕی هەوڵیاندا و هەموو ڕێگەیەکی نا مەشروعیان گرتەبەر بۆ ئەوەی کە کوردە فەیلیەکان بە دانیشتوی ئەو ناوچانە دانەنێن کە بەر عێراق کەوتوە بەڵکو بە تەبعیەی ئێرانیان دانان، ئەم توێژە فراوانەی گەلی کورد زۆری لە ئازارو مەینەتی دەرونی و جەستەیی چەشت و زۆر قوربانی گیانی دا. ئەمە لاکاتێکدا کە باش ئەوەیان دەزانی کە کوردە فەیلیەکان زۆر پێش عەرەبە هاتووەکانی کاتی بەرفراوانبوونی قەلەمڕەوی ئیسلام لەم ناوچانەدا جێگیر بوون. ناهەقیەکی گەورەیان دەرهەق بەو گەلە کرد کە لەسەر خاکی خۆایان مافی هاوڵاتی بوونیان پێنەدراو بە بێگانە دایاننان وەک لە یاسای ڕەگەزنامەی عیراقی ساڵی 1924 دا هاتوە.

مێژوو شاهیدە تا ئەمڕۆش کە کوردەکان پێش هاتنی ئیسلام و داگیرکردنە ئیسلامیەکان لەم ناوچانەدا هەبوون، وە بەشێک بوون لە دەوڵەتی ئەمەوی، پاش ڕوخانی ئەمەویەکان بەشێک بوون لە دەوڵەتی عەباسی کە بەرفراوانی سنوری دەگیشتە فارس و هەموو خاکی کوردستانی گرتبوەوە. لە سەردەمە جیاوازەکاندا پێش هاتنی ئیسلام و دوای ڕوخانی دەوڵەتی عەباسی بەشەکانی کوردستان و کوردە فەیلیەکان بەشێک بوون لە دەوڵەتی فارس، لەگەڵ بوونی ئیمارەتەکانی کورد لە کوردستاندا حاکمە فەیلیەکان حوکمی ناوچەکانی خۆیانیان کردوە .

**پرۆفیسۆر کازم حەبیب**

**و. جیهاد محەمەد حەمەکەریم**

**ماویەتی**


## ئۆفیسی ڕانیە

شەقامی نالی

کتێبخانەی ڕۆژی گەل

تەنیشت گەرجی عەباس

تەلەفۆن:07501163805

## ئۆفیسی سلێمانی

گەڕەکی ڕزگاری

نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم

بەرانبەر زانکۆی ئەمریکی

تەلەفۆن:053219256

## ئۆفیسی هەولێر

شەقامی شەست مەتری

گەڕەکی ڕزگاری

نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە

تەلەفۆن:07501179846



## ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز: ڕێکار ئەحمەد.. ژمارەی تەلەفۆن:07501191497

سەرنووسەر: حوسێن حەسەن .. ژمارەی تەلەفۆن: 07504471631